## هاوار محەمەد:

# بە ئاواتم لە ئۆلۆمپیات مەدالیایەک بەدەست بهێنم

یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یاریی گۆڵ بۆڵی هەڵبژاردەی کوردستانە لە پاڵەوانێتیی گۆڵ بۆڵی نێودەوڵەتی هەولێر توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردستان و بووە جێگای سەرنجی زۆربەی ئامادەبوونی یارییەکان و ڕاهێنەران، هاوار محەمەد تەنیا بۆ هەڵبژاردەی کوردستان و هەڵبژاردەی هەولێر یاری کردووە و تاکو ئێستاش لە هیچ یانەیەك یاری نەکردووە، ئەو لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٠ی شاری هەولێرەو ماوەی زیاتر لە پێنج ساڵە وەرزشی یاریی گۆڵ بۆڵی تایبەت بە وەرزشکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکات، جگە لە وەرزشکردن هیچ کارێکی تر ئەنجامنادات، ئێمەش بۆ ئەوەی لە نزیکەوە هاوار محەمەد بەسەر بکەینەوەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.



دیمانە: کارزان کانەبی

***چۆن بوو هاتییە نێو جیهانی وەرزشی گۆڵ بۆڵەوە ؟**

- من ماوەی زیاتر لە پێنج ساڵە ئەم وەرزشە ئەنجام دەدەم، ئەویش لەســەر خواســتی خۆم کە کەم بینم و زۆریشم حەز لە وەرزش بووە، بۆیە بیرم کردەوە کە باشــترین هەلە بۆ من بتوانم توانای خۆم لەم یارییەدا بدۆزمەوە خۆشــبەختانەش توانیم سەرکەوتووبم.

*** بۆچــی ئەم یارییەت هەڵبژارد لە نێو کۆمەڵێك یاریی وەرزشکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت؟**

- ئەوە ئارەزووی خۆم بوو کە من هیچ کارێك ناکەم جگە لــە وەرزش کردن و ژەنینی مۆســیقا بۆیە پێم باش بوو کە بــە زووترین کات ئەم یارییە هەڵبژێرم و بەتەواوی شــارەزا بووم لەم یارییەداو توانیشــم ئاســتی ڕاستەقینەی خۆم لە پاڵەوانێتیەکان پێشکەش بکەم.

*** بۆچوونت لەســەر ئاســتی پاڵەوانێتیی گۆڵ بۆڵی نێودەوڵەتی کە لە هەولێر بەڕێوەچوو چییە؟**

- ئاســتێکی زۆر بەرزی هەبــوو ژمارەیەك هەڵبژاردەی بەتوانا کێبڕکێیان دەکرد لەســەر بەدەست هێنانی ئەنجامی شایستە لە پاڵەوانێتییەکە خۆشبەختانەش وەکو هەڵبژاردەی کوردســتان پلەی ســێیەممان بەدەســت هێنــا کە ئەوەش ئەنجامێکی باش بوو بۆ ئێمە.

*** هەست ناکەی ئەم یارییە لە کوردستان فەرامۆش کراوە گرنگیی تەواوی پێ نادرێت؟**

- بەڵێ زۆر ڕاســتە لە کوردســتان تاکو ئێســتا زۆر لە پێــش نییە ببێتە جێگای متمانەی هەموو وەرزشــکارانی خاوەن پێداویســتیی تایبەت لەم یارییەدا، وەرزشکاری کەم ئەندامان بەگشتی وەکو پێویست نییە و گرنگی پێ نادرێت و چەندین پاڵەوانمان هەیە لەســەر ئاستی جیهانی کەچی گرنگی بە یارییەکانیان نادرێ.

***هــۆکاری چییە کــەوا گرنگی بە یارییە وەرزشــییە جۆراوجۆرەکانی کەم ئەندامان یان بڵێین خاوەن پێداویســتی تایبەت نادرێت؟**

- ئێمــەش نازانین هۆکارەکەی چییــە، بە پێچەوانەوەش لەلایــەن حکومەتەوە گرنگیمان پــێ دراوە، بەڵام لەلایەن کۆمەڵگاوە وەکو پێویست نیە نازانم هۆکارەکەی چیە چ بە وەرزش بگرە بە خودی کەم ئەندامانیش نادرێت.

***چی بکرێت باشــە بۆ زیاتــر گرنگیدان بە یارییەکانی گۆڵ بۆڵی خاوەن پێداویستی تایبەت؟**

- بە پلەی یەکەم پێویســتە لەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن گرنگیی زیاتر بەم یارییە بدەن و ئاشنای بکەن بە خەڵکی دیکە بۆ ئەوەی بزانن کە ئەم وەرزشــە جیهانییە و پێویستی بە پشتگیریی هاندەران و دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەیە، خول و پاڵەوانێتیی بەردەوام بکرێتەوە.

*** ســاڵانە یەك تا دوو پاڵەوانێتیی دەکرێتەوە بۆ ئێوە ئایا ئەم ژمارەیە کەم نییە؟**

- ئەم ژمارەیە زۆر کەمە، بۆیە داوکارین پاڵەوانێتیی زیاتر بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئاســتی خۆمان زیاتر بەرز بکەینەوە و یاریزانی بەتوانا دروســت بکەین و تیپی بەهێزتر دروســت بکرێــت و هەماهەنگی زیاتر بکرێت لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە بۆ زیاتر خزمەت کردنی ئەم یارییە.

***کێشەو گرفتتان چییە لەم یارییە وەکو گۆڵ بۆڵ؟**

- نەبوونی گۆڕەپانی تایبەت بەم یارییە کە بۆتە بەربەست لەبەردەم یاریزانان بۆ زیاتر گرنگیدان بە ئاســتی خۆیان و نەبوونی پاسی گواســتنەوەی یاریزانان ئەوەش کاریگەریی هەیە لە سەر ئاستی یاریزانانی ئێمە .

***داواکاریت لە لایەنی پەیوەندیدارچییە؟**

- پێویستە لەسەرئەوان کەوا خزمەتی زیاتری وەرزشەکانی ئێمــە بکەن وەکو تیپی گۆڵ بۆڵ، بــۆ ئەوەی بتوانین لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە ئاســتی ڕاستەقینەی خۆمان پێش بکەیــن و ناوی کوردســتانیش بەرز بکەینەوە لە ئاســتی جیهان و پەیامی ئێمە ئەوەیە بۆ ئەوەی خزمەتی کوردستان بکەین.

*** هیواو ئاواتت لەم یارییە وەکو یاریزانێك چییە؟**

- بەهیوای ئەوەم بتوانم لە پاڵەوانێتیێکی نێودەوڵەتی ئاڵای کوردســتان بەرزبکەمەوە ناوی خۆم و کوردستانیش لەسەر ئاستی جیهان بەرز بێت.

***وەکــو وەرزشــکارێکی خــاوەن پێداویســتی تایبەت خانەوادەکەت هاوکاریت دەکات؟**

- بە سوپاســەوە خانەوادەکەم هەمیشە هاوکار و پاڵپشتی منن لە وەرزشــکردن و ئەوان هۆکارن بۆ بــەرز بوونەوەی ئاستی من وەکو یاریزانێك لە یاری گۆڵ بۆڵ.

*** هەست ناکەیّ ئێوە بە مووچەیەکی کەم وەرزش دەکەن لە چاو یارییەکانی تر؟**

- ئێمە وەکو وەرزشــکار مووچەیەکی کەمان هەیە کە زۆر کەمە مانگانە تەنیا ســەد هەزار دینــار وەردەگرین و ئــەوەش زۆر کەمە نابێتە هۆکار بۆ پڕکردنەوەی پێداویســتییەکانی ئێمە وەکو یاریزان.

*** وەکو خاوەن پێداویستیەکی تایبەت بۆوەرزش دەکەی؟**

- من ئامانجم هەیە بۆیە وەرزش دەکەم، ئاواتیشم ئەوەیە کە بتوانم لە ئۆلۆمپیات مەدالیایەك بەدەست بهێنم.

***ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت مابێت ؟**

- زۆر ســوپاس بــۆ گۆڤاری گــوڵان کــە خەمخــۆری وەرزشــکارانە و داواکارم لەلایەنــی بەرپــرس زیاتر گرنگی بــە یارییەکانی وەرزشــکاری خــاوەن پێداویســتی بدرێت و هانــدەران زیاتر لە ناو گۆڕەپــان ببینــن بۆ هاندانی وەرزشکاران.



# مێژووی مۆندیال

## چەندین زانیاری و ئامار دەربارەی مۆندیال

دوو مانگ و چەند رۆژێك ماوە و یارییەكانی مۆندیالی ٢٠١٤ لە وڵاتی بەرازیل دەست پێدەكات، مۆندیالێك لە وڵاتی سامبا و وڵاتی بەهرەمەندانی تۆپی پێ وا چاوەڕوان دەكرێت خۆشترین و بەهێزترین مۆندیالی تۆپی پێ بێت لە مێژوودا سەرەڕای بوونی چەندین كێشەی ئابووری و سیاسی لەم وڵاتەدا، تەمەنی مۆندیال ٨٤ ساڵە لەم تەمەنەش مێژوو تۆماركراوە، لە تۆماركراوەكانی مێژوودا چەند لاپەڕەیەك بەسەر دەكەینەوە :




**ژمارەی سەرجەم گۆڵەكانی مۆندیال :**

لە یەكەم یاریی مۆندیالەوە لە ساڵی ١٩٣٠ لە نێوان هەردوو هەڵبژاردەی فەڕەنسا و مەكسیك تا یاریی كۆتایی مۆندیالی ٢٠١٠ لە نێوان هەردوو هەڵبژاردەی ئیسپانیا و هۆڵەندا ٧٧٢ یاری ئەنجامدراوە و ٢٢٠٩ گۆڵ تۆمار كراوە بە ڕێژەی ٢,٩٨١ گۆڵ لە هەر یارییەكدا :

* لە مۆندیالی ١٩٣٠ لە كۆی ١٨ یاری ٧٠ گۆڵ تۆماركراوە بە ڕێژەی ٣,٨٨ گۆڵ لە هەر یارییەكدا.
* لە مۆندیالی ١٩٣٤ لە كۆی ١٧ یاری ٧٠ گۆڵ تۆماركراوە بە ڕێژەی ٤,١٢ گۆڵ لە هەر یارییەكدا.
* لە مۆندیالی ١٩٣٨ لە كۆی ١٨ یاری ٨٤ گۆڵ تۆماركراوە بە ڕێژەی ٤,٦٦ گۆڵ لە هەر یارییەكدا.
* لە مۆندیالی ١٩٥٠ لە كۆی ٢٢ یاری ٨٨ گۆڵ تۆماركراوە بە ڕێژەی ٤ گۆڵ لە هەر یارییەكدا.
* لە مۆندیالی ١٩٥٤ لە كۆی ٢٦ یاری ١٤٠ گۆڵ تۆماركراوە بە ڕێژەی ٥,٣٨ گۆڵ لە هەر یارییەكدا.
* لە مۆندیالی ١٩٥٨ لە كۆی ٣٥ یاری ١٢٦ گۆڵ تۆماركراوە بە ڕێژەی ٣,٦٠ گۆڵ لە هەر یارییەكدا.
* لە مۆندیالی ١٩٦٢ لە كۆی ٣٢ یاری ٨٩ گۆڵ تۆماركراوە بە ڕێژەی ٢,٧٨ گۆڵ لە هەر یارییەكدا.
* لە مۆندیالی ١٩٦٦ لە كۆی ٣٢ یاری ٩٠ گۆڵ تۆماركراوە بە ڕێژەی ٢,٨١ گۆڵ لە هەر یارییەكدا.
* لە مۆندیالی ١٩٧٠ لە كۆی ٣٢ یاری ٩٥ گۆڵ تۆماركراوە بە ڕێژەی ٢,٩٧ گۆڵ لە هەر یارییەكدا.
* لە مۆندیالی ١٩٧٤ لە كۆی ٣٨ یاری ٩٧ گۆڵ تۆماركراوە بە ڕێژەی ٢,٥٥ گۆڵ لە هەر یارییەكدا.
* لە مۆندیالی ١٩٧٨ لە كۆی ٣٨ یاری ١٠٢ گۆڵ تۆماركراوە بە ڕێژەی ٢,٦٨ گۆڵ لە هەر یارییەكدا.
* لە مۆندیالی ١٩٨٢ لە كۆی ٥٢ یاری ١٤٦ گۆڵ تۆماركراوە بە ڕێژەی ٢,٨١ گۆڵ لە هەر یارییەكدا.
* لە مۆندیالی ١٩٨٦ لە كۆی ٥٢ یاری ١٣٢ گۆڵ تۆماركراوە بە ڕێژەی ٢,٥٤ گۆڵ لە هەر یارییەكدا.
* لە مۆندیالی ١٩٩٠ لە كۆی ٥٢ یاری ١١٥ گۆڵ تۆماركراوە بە ڕێژەی ٢,٢١ گۆڵ لە هەر یارییەكدا.
* لە مۆندیالی ١٩٩٤ لە كۆی ٥٢ یاری ١٤١ گۆڵ تۆماركراوە بە ڕێژەی ٢,٧١ گۆڵ لە هەر یارییەكدا.
* لە مۆندیالی ١٩٩٨ لە كۆی ٦٤ یاری ١٧١ گۆڵ تۆماركراوە بە ڕێژەی ٢,٦٧ گۆڵ لە هەر یارییەكدا.







# ـــــەكان ١٩٣٠ تا ٢٠١٤

* لــە مۆندیالی ٢٠٠٢ لە كــۆی ٦٤ یاری ١٦١ گۆڵ تۆماركراوە بە ڕێژەی ٢,٥٢ گۆڵ لە هەر یارییەكدا.
* لــە مۆندیالی ٢٠٠٦ لە كــۆی ٦٤ یاری ١٤٧ گۆڵ تۆماركراوە بە ڕێژەی ٢,٣٠ گۆڵ لە هەر یارییەكدا.
* لــە مۆندیالی ٢٠١٠ لە كــۆی ٦٤ یاری ١٤٥ گۆڵ تۆماركراوە بە ڕێژەی ٢,٢٧ گۆڵ لە هەر یارییەكدا.

## گۆڵكارە مێژووییەكانی مۆندیال:

هەر یاریزانێك بەشــداری لە مۆندیالێك دەكات بە هیوای تۆماركردنــی گۆڵێكە، بەڵام چەنــد یاریزانێك هەن ناویان لە مێژووی مۆندیـــال تۆماركراوە، چونكە زۆرترین گۆڵیان تۆماركردووە كە لەپێش هەموویان یاریزانی دیاردەی بەرازیلی ڕۆنالدۆ دێت كە لە سێ مۆندیال بە فەرمی یاری كردووە و ١٥ گۆڵــی تۆماركردووە : ڕیزبەندی گۆڵكارانی مێژوویی مۆندیال بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١- ڕۆنالدۆ لە هەڵبــژاردەی بەرازیل بە تۆماركردنی ١٥ گۆڵ

٢- هــەردوو یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا گێرد مۆلەر و میرسلاڤ كلۆزە بە تۆماركردنی ١٤ گۆڵ

٣- جۆستن فۆنتین لە هەڵبژاردەی فەرەنسا بە تۆماركردنی ١٣ گۆڵ

٤- پێلی لــە هەڵبژاردەی بەرازیل بــە تۆماركردنی ١٢ گۆڵ

٥- هەردوو یاریزان ســاندرۆ كۆشــێچ لــە هەڵبژاردەی هەنگاریا و یۆرگن كلینیزمـــان لە هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بە تۆماركردنی ١١ گۆڵ

٦- یاریزانـــان هیلمۆت ران لـــە هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و تۆڤیلۆ كۆبیـــلاس لە هەڵبژاردەی پیرۆ و گاری لینیكەر لەهەڵبژاردەی ئینگلتەرا و گابریال پاتیســتوتا لە هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و لاتۆ لە هەڵبژاردەی پۆڵەندا بە تۆماركردنی ١٠ گۆڵ .

تێبینــی : كلۆزە بەشــداری لــە مۆندیالــی ٢٠١٤ دەكات و بە هیوای شــكاندنی ژمارەكەی ڕۆنالدۆیە.

## چەند زانیارییەك دەربارەی مۆندیال :

* یەكەم یاریی مۆندیال لە ساڵی ١٩٣٠ لە نێوان هەردوو هەڵبژاردەی مەكسیك و فەڕەنسا بوو.
* یەكەم گۆڵی مۆندیال یاریزانی فەڕەنسی لۆسیان لۆران لەبەرامبەر مەكسیك تۆماری كرد .
* یەكەم كارتی سوور بۆ یاریزانی هەڵبژاردەی پیرۆ دی لاس كاسیاس بوو لە بەرامبەر هەڵبژاردەی ڕۆمانیا لە مۆندیال ١٩٣٠ .
* یەكەم هاتریك لە مێژووی مۆندیال بۆ یاریزانی ئەرژەنتینی گیریمیۆ ســتابیلی بوو لە یاریی ئەرژەنتین و مەكسیك لە مۆندیالی ١٩٣٠ .
* هەردوو برای مەكســیكی مانویل ڕۆساس وفرناندۆ ڕۆســاس یەكەم دوو برا بوون بەیەكەوە لە یارییەكی مۆندیال بەشدارییان كرد لە یاریی مەكسیك و ئەرژەنتین لە مۆندیالی ١٩٣٠ .
* خێراتریـــن گۆڵ لە مێژووی مۆندیال بۆ یاریزان هاكان شــوكور بوو لە هەڵبژاردەی توركیا لە بەرامبەر كۆریای باشوور لە مۆندیالی ٢٠٠٢ لە دوای تێپەڕبوونی تەنها ١١ چركە .
* یەكــەم یاریزان لــە مێژووی مۆندیال بە هەڵە گۆڵی لە خۆیان تۆماركرد یاریزانی سویســری لۆرتشەر بوو لە بەرامبەر ئەڵمانیا لە مۆندیالی ١٩٣٨، ئەڵمانیا ٤-٢ یارییەكەی بردەوە.
* بــۆ یەكــەم جار دوو برا بەرامبەر یەك یارییان كرد لە مۆندیالــی ٢٠١٠ بوو لە یاریی غانا و ئەڵمانیا، پرینس بواتینگ لە غانا بەرامبەر جیرۆم بواتینگ لە ئەڵمانیا .
* یەكەم گۆڵی زێڕین یاریزانی فەرەنسی لۆران بلان تۆماری كرد بەرامبەر هەڵبژاردەی پاراگوای لە مۆندیالی ١٩٩٨
* هەردوو مۆندیالی ١٩٤٢ و ١٩٤٦ بە هۆی جەنگی دووەمی جیهانەوە ئەنجام نەدرا.







## لە جامی یەکێتیی ئاسیادا

# سبەی هەولێر یارییەکی چارەنووسساز ئەنجام دەدات




**وا بڕیارە ڕۆژانی سێشەممە و چوارشەممە یارییەکانی گەڕی چوارەمی جامی یەکێتیی ئاسیا بۆ تۆپی پێ ئەنجام بدرێت، بەڕێوەچوونی چەندین یاریی گرنگ، کە چارەنووسی یانەکان بۆ سەرکەوتن بۆ قۆناغی داهاتوو دیاری دەکات.**




**کۆمەڵەی چوارەم**

لەم کۆمەڵەیە تاکە نوێنەری کوردستان یانەی هەولێر لەبەردەم ئەرکێکی قورسدایە، کاتێك سبەی سێشەممە دەبێتە میوانی یانەی ریفاع-ی بەحرێنی، ئەم یارییە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ یانەی هەولێر، کە بە تۆمارکردنی بردنەوە دێتەوە پێشەنگی کۆمەڵەی چوارەم، هەروەها دەبێتە تۆڵەسەندنەوەیەك لە یانە بەحرێنییەکە، کە لە یاریی یەکەم لە یاریگەی عەرەبی توانی لە یانەی هەولێر بباتەوە بە ئەنجامی (٢-١) گۆڵ.

هەر لە هەمان کۆمەڵەدا یانەی شەبابی ئوردن دەبێتە میوانی یانەی ئالی ئاوشی قیرغستان.

**خشتە و کاتی یارییەکان بەم شێوەیە:**

**ڕۆژی سێشەممە**

ڕەفاع – هەولێر کاتژمێر ٦,٣٠ ئێوارە بە کاتی کوردستان

ئالی ئاوشی قیرغستان – شەبابی ئوردن کاتژمێر ١,٠٠ی نیوەڕۆ

**ڕیزبەندی کۆمەڵەی چوارەم**

١-ریفاع ٧ خاڵ
٢- هەولێر ٦ خاڵ
٣- شەبابی ئوردن ٣ خاڵ
٤- ئالی ئاوش ١ خاڵ

**کۆمەڵەی یەکەم**

لەم کۆمەڵەیە دوو یاریی گرنگ ئەنجام دەدرێت ڕەنگە ڕیزبەندی کۆمەڵەکە بە تەواوی گۆڕانکاری بەسەردا بێت، خشتەی یارییەکان بەم شێوەیە.

**ڕۆژی چوارشەممە**

سەفای لوبنانی - سویقی شانشینی عوممان
زات راسی ئوردنی – رافشانی تاجیکستان

**ڕیزبەندی کۆمەڵەی یەکەم**

١-سەفای لوبنانی ٩ خاڵ
٢- زات راسی ئوردنی ٦ خاڵ
٣- سویقی شانشینی عوممان ٣ خاڵ
٤- رافشانی تاجیکستان سفر خاڵ

**کۆمەڵەی دووەم**

لە کۆمەڵەی دووەم هەر چوار یانە هیوای سەرکەوتنیان بۆ قۆناغی ١٦ی پاڵەوانێتییەکە ماوە و هەموو یانەکان هەوڵی بە دەستهێنانی پلەی یەکەمی کۆمەڵەکە دەدەن بۆ ئەوەی بتوانن لە قۆناغی ١٦ لە یاریگەی خۆیان یاری بکەن، خشتەی یارییەکان بەم شێوەیە.

**ڕۆژی سێشەممە**

جەیشی سوری – کوێتی کوێتی
فەنجای شانشینی عوممان – نەجمە لوبنان

ڕیزبەندی کۆمەڵەکە بەم شێوەیە:

١-کوێتی کوێتی ٦ خاڵ
٢- نەجمەی لوبنانی ٤ خاڵ
٣- فەنجای شانشینی عوممان ٤ خاڵ
٤- جەیشی سوری ٢ خاڵ.

**کۆمەڵەی سێیەم**

لە کۆمەڵەی سێیەم تەنیا یەك یاری ئەنجام دەدرێت، چونکە یانەی قادسیەی کوێتی یارییەکە بەرانبەر یانەی وەحدەی سوریی

ئەنجام دا و یارییەکەش بە یەکسانبوونی هەردوو یانە بە ئەنجامی (١-١) گۆڵ تەواو بوو، ئەنجامەکە لە بەرژەوەندیی هەردوو یانەی شــورتەی عێراقی و حەدی بەحرێنی بوو، کە یاری لووتکەی ئەم کۆمەڵەیە ئەنجام دەدەن.

خشتەی یارییەکە.

**ڕۆژی چوارشەممە**

شــورتە – حــەدی بەحرێنــی کاتژمێر ٣ی ئێــوارە بە کاتی کوردستان

**ریزبەندی کۆمەڵەی سێیەم**

١-قادسیەی کوێتی ٨ خاڵ لە ٤ یاری
٢-شورتە ٥ خاڵ لە ٣ یاری
٣- حەدی بەحرێنی ٤ خاڵ لە ٣ یاری
٤- وەحدەی سوری ١ خاڵ لە ٤ یاری.

خشتەی یارییەکانی کۆمەڵەکانی تر بەمشێوەیە.

**کۆمەڵەی پێنجەم**

نێو رادینیــت دوورگەکانــی ماڵدیڤ – پرســیبۆرا جایابۆرا ئەندنووسیا
هۆم یۆنایتد سونگافورە – ئەخوە تشرشل هیند

**ریزبەندی کۆمەڵەی پێنجەم**

١-پرسیبۆرا جایابۆرا ٧ خاڵ
٢-ئەخوە تشرشل ٦ خاڵ
٣- نیو رادینیت ٣ خاڵ
٤- هۆم یۆنایتد ١ خاڵ

**کۆمەڵەی شەشەم**

ئەریما ئەندنوسیا – مازیا دوورگەکانی ماڵدیڤ
سیلانگۆر مالیزیا – هانۆی تی تی ڤێتنام

**ریزبەندی کۆمەڵەی شەشەم**

١-هانۆی تی تی ٩ خاڵ
٢- ئەریما ٤ خاڵ
٣- سیلانگۆر ٢ خاڵ
٤- مازیا ١ خاڵ

**کۆمەڵەی حەفتەم**

تی فیسبیو نینە ڤێتنام – کیلانتان مالیزیا
جنوب صین هۆنگ کۆنگ – یانگۆن یۆنایتد میانمار
ریزبەندی کۆمەڵەی حەفتەم
١-تی فی سی بینە ٩ خاڵ
٢-یانگۆن ٦ خاڵ
٣- کیلانتان ٣ خاڵ
٤- جنوب صین سفر خاڵ

کۆمەڵەی هەشتەم

نــای بای تاو میانمار – کیتچی هۆنگ کۆنگ
بــۆن هیند – تامبنیس رۆڤرز سەنگافورە

**ریزبەندی کۆمەڵەی هەشتەم**

١-کیتچی ٧ خاڵ
٢- نای بای تاو ٤ خاڵ
٣- تامبینیس رۆڤرز ٣ خاڵ
٤- بۆن ٢ خاڵ.

راپۆرت: ڕێبین ڕەمزی

